


1947یەکەمی سەرەتایی

# فاروقی مەلا مستەفا

## لەنێوان ئەزموونی سیاسیی و پرۆژە بازرگانییەکانیدا

پشووی کوردستانی، هەروەك نەریتی خۆی، لە هەر ژمارەیەکدا کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموونی سیاسی بە خوێنەرانی دەناسێنێ و لە وردەکارییەکانی ژیانیان دەکۆڵێتەوە.

لەم ژمارەیەدا ، کەسایەتییەکی بەرچاوی شاری سلێمانیتان پێشکەش دەکەین کە خاوەنی ئەزموونێکی سیاسییە لەناو باڵی چەپی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراق و کوردستانداو چەندین پڕۆژەی بازرگانیی هەیە، لەسەرووی هەموویانەوە سیستمی مۆبایلی (ئاسیا) کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق و کوردستاندا ئەم جۆرە پەیوەندییەی هێناوەتەکایەوە. پرسیارو وەڵامەکان زۆربوون، لەبەر سنووردارێتی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان، لەگەڵ داوای لێبوردنمان لە کاك فاروق ناچاربووین هەندێکیان لابدەین.

سەرنووسەر

**دیداری: مەریوان عەلی**


***لە بارەگای پەیوەندییەکانی (ئاسیا) چاومان پێیکەوت.. گەلێك سەرقاڵی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان بوو.. ناچارانە کارمەندەکانی راسپارد کە بۆ ماوەی دوو سەعات هیچ پەیوەندییەکی بۆ نەبەستن تا ئەم چاوپێکەوتنە تەواو دەبێ.. لێمان پرسی: فاروقی مەلا مستەفا کێیە؟**

–(بە پێکەنینەوە) من فاروقم.. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی 1963 لە کۆلێجی بازرگانی و ئابوریی دەرچووم. لە شەشەمی سەرتاییدا چوومە رێکخستنی یەکێتیی قوتابیانی عیراقەوە. ساڵی 1963–1964 بووم بە سکرتێری یەکەمی ئەو یەکێتییە لەعیراقدا. لە هەرزەکارییەوە چوومە ناو رێکخستنی حیزبی شیوعی عیراقەوە. لە پۆلی یەکەمی کۆلیجەوە لە بەغدا لە رۆژنامەی (ئازادی)دا کارم کرد. لە پۆلی چوارەمدا بووم بە لێپرسراوی رێکخستنی زانکۆی بەغدا. چالاکیی زۆرم هەبوو لە دژی هێڵی راستڕەوی ناو حیزب، هەر لەو رێبازەوە بەشداریم لە زۆر کردەوەو چالاکیی شۆڕشگێڕانەدا کرد، لە هەموویان گرنگتر بەشداری بوو لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی راپەڕینی زەلکاوەکان لە ساڵی 1968دا کە من لەگەڵ شەهید خالید ئەحمەد زەکی لە یەك لیژنەو رێکخستندا بووین. ئێستاش هاوڕێی کتێب و هەموو بوارێکی سیاسی و رۆشنبیریم.

***لە نێوان ئێوەو مامۆستا عزەدین–دا، کامتان منداڵە هاروهاجەکەی دایك و باوکتان بوون و کامتان منداڵە خۆشەویستەکە بوون؟**

–بەڕاستی ئەو منداڵە خۆشەویستترەکە بوو، یەکەم کوڕ بوو دوای دوو کچ، زۆریان ناز دابوویە.. ئێستاش نازانێ بەرد بهاوێ.. نە مزراح و نە هەلوکێنی نەدەزانی. من هاروهاج بووم، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا لە قوتابخانەی فەیسەڵییە لە کوڕی بەڕێوەبەرم دا کە پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو، خزمیش بووین (کاکە جەلالی مەلا کاکە حەمە) زۆری لێدام، منیش شەو بە بەرد شوشەی پەنجەرەکانی ماڵەکەیانم شکاند؛ بۆ سبەینێ نەقڵی کردم بۆ خالیدییە. یونس ئەفەندی بەڕێوەبەری بوو، هەر لەڕێوە خەریکبوو فەلاقەم بکات، وتم بۆ پەلە ئەکەیت با یەك دوو امتحان بدەم و هەفتەیەك دەوام بکەم.. وتی قسەکەت مەعقولە.. ئیتر زۆر گۆڕام و لە شەشی سەرەتاییدا بەرەو سیاسەت رێگام گرتەبەر، یەکەم هاوڕێم شەهید مەحمود کەریم غەفوور بوو لە ساڵی 1963دا شەهید بوو.

من زۆر شانازی بە برایەتی دکتۆر عزەدین–ەوە دەکەم، چونکە مامۆستام بوو لە تێکۆشان و روناکبیریدا بەدیوی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمدا، باوکیشم زانایەکی گەورەو نیشتمانپەروەر بوو، هەردووکمان پەیڕەوە گرنگەکانی ژیان لەوەوە فێربووین، باوکم بۆیەکەمجار لە پەنجاکاندا تەلقینی کرد بە کوردی، خوتبەی جومعەی کرد


تەمووزی 1964

بە کوردی، لە 1935دا قەسیدەی (بوردە)ی بە کوردی چاپکردو دەیان کتێب و نامیلکەی بۆ بەجێهێشتین.

***دەمانەوێت باسی جیابوونەوەت لە لیژنە مەرکەزی بکەیت و لە قیادەی مەرکەزیدا چیتان کرد؟**

—ئەوە باسێکی زۆر دوورودرێژە، ئەو ناکۆکی و جیاوازییانەی لە سەرجەمی بزووتنەوەی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی جیهاندا روویاندا، لەناو حیزبی شیوعی عێراقیشدا ڕەنگیدایەوە. دوو هێڵ: یەکێکیان باوەڕی بەبوونی مەرکەزێک هەبوو لە دنیادا کە مۆسکۆ بوو، بێ چەندوچوون بەڕادەی دواکەوتنی کوێرانەو تەبەعیەت لەگەڵیدابوون، ئەویتر باوەڕی بە هەڵوێستی سەربەخۆو لێکدانەوەی باری سیاسیی هەر وڵاتە بەجیای هەبوو، باوەڕی بە هاتنەسەرحوکم هەبوو بەڕێگای شۆڕشگێڕانە. پێش قیادەی مەرکەزی من لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی شۆڕشگێڕدا لەناو حیزبدا جۆرە (تکتل)ێکمان هەبوو دوایی ناسرا بە (فریق من کوادر الحزب). بەردی بناغەی ڕاپەڕینی زەلکاوەکان و ڕێگای گۆڕینی چەکدارمان هەڵگرت، هاوڕێ خالید ئەحمەد زەکی کە سەرکردەی مەیدانیی ڕاپەڕینەکە بوو، لەو ڕێگایەدا شەهید بوو. من تا ساڵی 1975 لە ریزی یەکەمی قیادەی مەرکەزیدا بووم، تا ئێستاش هەر هاوڕێ و هاوکارو هاوبیرین.

***بەڕێزتان کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت—ن و لە خێزانێکی ئایینین، رووبەداوە هەر لەم شارەدا کەسانی تر کە سەر بە خێزانی ئایینین، بوونەتە چەپ، ئایا چۆن دوای چەپێتی کەوتن، واتە لە پەروەردەیەکی ئایینییەوە بۆ ناو حزبی شیوعی؟**

—زۆر ئەندامی سەرکردەو پێشکەوتوو لە ریزەکانی حیزبی شیوعیدا لەو خێزانانەوە بەرەو ئەم ڕێگایە هاتوون، هۆی سەرەکیی ئەوەش ئەو کەش و هەوا رۆشنبیرییەیە کە تێیدا پەروەردەبوون. ئایینی ئیسلامیش زۆر پەیوەندیی هەیە لەگەڵ ڕێگای سۆشیالیزمدا، زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئایەتانەی لە قورئاندا هەیە—مەکی و مەدینی— شوێنێی هاوبەشی هەیە لە مەسەلە ئینسانییەکاندا. بێجگە لە ڕێڕەوی خوێندن و خوێندنەوەو رۆشنبیریی کە زەمینەیەکی گەورەبوو بۆ بیرکردنەوەی کەسانی وەکو ئێمە.

***ئەی رات چییە بە پیرۆسترۆیکاو ئاوابوونی زلهێزی کۆمۆنیزم؟**

**بزووتنەوەی شیوعی لەوە تێنەگەیشتبوو بلۆکی سەرمایەداری ئەو هێزەی هەیە کە خۆی تازە بکاتەوەو ئەو بەرهەڵستییە گەورەیە بکات بەرامبەر بە سۆشیالیزم**

—بزووتنەوەی شیوعی لەوە تێنەگەیشتبوو بلۆکی سەرمایەداری ئەو هێزەی هەیە کە خۆی تازە بکاتەوەو ئەو بەرهەڵستییە گەورەیە بکات بەرامبەر بە سۆشیالیزم. بە پلانی پێنج ساڵەو حەوت ساڵەو بڕیاری بەرەیەک بە تەنیا ئەو دوژمنە گەورە مێژووییەیان بۆ لەناو نابرێ کە بەسەر ئابووریی دنیادا زاڵە، لە تەکنەلۆجیاشدا زۆر لەپێش بلۆکی رۆژهەڵاتەوەن. ململانێی مێژوویی نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزم دەبێت بەڕێگای ئابوری و تێکۆشانی مێژوویی گەلانی جیهاندا بڕوات. سەرمایەداریی رۆژئاوا، وڵاتە سۆشیالیستەکانی بەرەو پێشبڕکێی چەکداریی گەورەو داگیرکردنی ئاسمان برد.. بەرەو زۆر هۆی تر کە ئابوریی ئەو وڵاتانەیان تێکشکاند، ئینجا بەرەو بیرۆکراتیێتی و ئەو گۆڕانەی بەسەر سەرکردایەتی سۆڤێتیدا هات و بوون بە چینێکی نوێ کە هیچیان کەم نەبوو لە چینە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا لە ژیانی خۆیان و تایبەتمەندێتی حوکمکردنیان. بە کوردی، بوون بە چینێک نەک سەرکردایەتییەک.. گەرەکی تایبەتی.. نەخۆشخانەی تایبەت.. قوتابخانەی تایبەت.. لەشکرو حوکمیش هەر خۆیان و بەتەواوی لە دیموکراتێتی دوورکەوتنەوە. لەو ئاووهەوایەشدا خائینی وەک گۆرباچۆفیشی تێدا هەڵدەکەوێ.

***لێرەوە دەمەوێت بپرسم ئێوە چۆن لە پرۆلیتاریاوە بوون بە سەرمایەدار؟**

—وەک شوێنی چینایەتی، من کرێکار نەبووم، بەڵام فیکرو هەستی زانیاریم بەرەو تێکۆشانی ڕەوای چینی کرێکاری و فەلسەفەکەیانی بردم، لەخێزانێکی مامناوەندی بووم، کە چوومە ڕێکخستنی حزبەوەو لەئەنجامیدا 7—8ساڵ ژیانی نهێنی و پێشمەرگایەتیمدی لە 1968—1975 لەکوردستاندا.. چەند حوکمی ئیعدامی غیابی درام لەو ساڵانەدا. ئێستاش ئەو هەستەم نەگۆڕاوە، ئاواتیشمە رۆژێک لە رۆژان لەناو بزوتنەوەی سیاسیدا ڕۆڵی خۆم ببینمەوە بەتایبەتی لەناو بزوتنەوەی پرۆلیتاریا و سۆشیالیزمدا پاش ئەو هەموو ئەزموونەی ڕوویدا ئەوساش سەروەت و سامان هەمووی ئەکەم بەساقەی ئەو ڕێگایە.

*بابتانگەڕێنمەوە بۆ سەردەمی زانکۆو کاری ڕێکخستن، کە هەڵبەتە بۆ خوێندکارێکی زانکۆو لەو سەردەمەدا بەکاری لەمشێوەیەوە سەرقاڵ بێت جێگەی سەرنجە، لەکاتێکدا گەنج پێویستی بە عەشقە، ئایا عەشقت لەبیرچووبۆوە یان لەگەڵ کاری سیاسیدا **خەتێکت بۆ ڕێکخستنی عەشق هەبوو؟**

—وەڵڵا بەراستییەکەی خۆشە ئەم شتانە بوترێت، عەشقی من تا ئەو زەمانە بریتی بوو لە گۆڕینەوەی چوار کاغەز لەگەڵ کچێکدا کە خۆشمدەویست، بەخوا وابزانم تەوقەشم لەگەڵدا نەکردبوو (**بەپێکەنینەوە**) وەک ئێستا نەبوو. لەپاشان ئەوە برایەوەو وتی داوام بکە شووت پێدەکەم، منیش وتم زۆر باشە.. بەڵام ئەو وتی دوو مەرجم هەیە: یەکەم ئەوەیە واز لە سیاسەت بێنەو دووەم.. منیش یەکسەر وتم دووەم مەڵێ، چونکە من واز لەکاری سیاسی ناهێنم و لای من شتێکی زۆر گەورەیەو هەمووژیانم بۆ ئەوە تەرخانکردووە.

جارێک لە کۆلێج ئامۆژگاریی کچێکم دەکرد کە شەڕە ئاوی لەگەڵ کوڕێکی بیرنەتەوەییدا دەکرد، زۆر بەتوندی لێم پێچایەوەو وتم وەرە تۆ بۆ ئەمە دەکەیت، ئەم کورە نەتەوەییەو توندڕەوە؟ لە وەڵامدا وتی تۆ لێرە واعیزیت یا لێپرسراویت؟ منیش وتم وەڵلا راست دەکەیت باوکیشم واعیز بوو. وشکییەک هەبوو لەو زەمانەی ئێمەداو منیش دوور نەبووم لەوەوە.

***کەواتە لەنێو هەموو کاروبارەکانتداو وەک ئەو مامەڵە فراوانەشی هەتانە، تا چەند دوور لە خێزانەکەت لە هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشەویستیدایت؟**

—خۆشەویستی زۆر گرنگە، هەستی مانەوەو بەردەوامبوونی مرۆڤە لە ژیاندا، خۆشەویستی بۆ نیشتمان، ژن، منداڵ و بۆ برادەرانت، بۆ کیژۆڵەیەک حەزی لێبکەیت هەمووی لەیەک چوارچێوەدایە، ئەوەی خۆشەویستی نەزانێت نە خاکی خۆشدەوێت و نە میللەت و کەموکوڕیی لە پێکهاتەیدا هەیە.. خۆشەویستی بەهەموو ماناکانیەوە پیرۆزەو مرۆڤ گەنج دەکاتەوە، گەشی دەکاتەوەو بەرەوپێشەوە دەبیات لە هەموو کاری سیاسی و ئابوریدا.. یەکەم خۆشەویستیم نیشتمانەو دووهەم هاوڕێیەکەو سێیەم ژنەکەم، والله اعلم!

***ئەی راتان بە دوو ژن چییە؟**

—لام وایە کە ئیسلام ڕێگای بەهێنانی چوار ژن داوە لە زەمانێکدا بووە زیندە بەچاڵکردن و دە ژن و بیست ژن هەبووە، ئەو هاتووە هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتووی ناوەو کردوویەتی بە چوار ژن، لەبەرئەوەی پێغەمبەر خاتمولئەنبیا بووەو شتێکی دیکە نەهاتۆتە پێشەوە، ئەگینا لەو باوەڕەدابووم ئەگەر ئیسلام ئیجتیهادی تێدابووایە، بەتایبەتی مەزهەبی ئێمەی سوننە، کەوەك مەزهەبی شیعە ئیجتیهادی تێدا نییە، ئەم شتەش دەگۆڕا. دوو ژن شتێکی زۆر خراپەو زۆر هەڵەیەو دەستدرێژییە بۆ سەر مافی ژن، باوەڕناکەم پیاوی دووژنە وەك کورد دەڵێت جەرگی کون کونە، ئەوە رەنگە ژنان دروستیان کردبێت، واش نا، بەڵان بۆ خۆم مەزندەی ناکەم و شتێکە دوورە لە عەقڵی منەوە.

***بەڵام هەوڵتداوە ژنێکی تر بۆ د. عیزەدین بهێنیت و خەرجییەکەشی لەسەر ئێوە بێت؟**

—جا ئەگەر ئەمە بڵاو بکەنەوە.. وەڵڵا کاکە حەوت بۆ هەشت ساڵ لەسەر سوعبەتێك قسەیان لەگەڵ نەکردووم (**بەپێکەنینەوە**)، ئەو بۆ خۆی تووڕە ببوو داوای لەمن کرد، من وتم وەرە مەسروفەکەیت بۆ دەکەم، بەڵام دوایی کەپەشیمان بۆوە، وتم چاکت کرد، دوو ژنە زۆر خراپە.

***با باسی کۆمپانیای ئاسیا بکەین.. سەرەتاکانی چیرۆکی دامەزراندنی ئاسیامان چۆن بۆ دەگێڕیتەوە؟**

—ئاسیاو ئینجا مۆبایل.. من لەگەڵ داهێنان و دەستپێشخەریدام، مۆبایل و گشت پەیوەندییەکان کاری ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی ناو کۆمەڵ ئاسان دەکات و پێشی دەخات. من لەژیانی بازرگانی و پرۆژە دروستکردندا چەند شتێکم کردووە پێش من لە سلێمانیدا کەس نەیکردبوو.. مۆبایل لە مێژووی کوردستان و عیراقیشدا بەبیرو پلانی شەخسی خۆم کراو ئینجا بەهاوکاری و هاوبەشی هەندێ برادەر. لەکاتی گەمارۆی سەر عیراقدا ئێمە گەورەترین پرۆژەمان لە ئەمریکاو ئەورووپاوە کڕی و گەیاندمانە کوردستان و بەچەند سنووری جیاجیا کە لە هەرشوێنێکیاندا دەستی بەسەردا بگیرایە گەورەترین زیانمان دەکرد، بەڵام ئەم کارە مێژووییە هەموو ئەو مەترسیانەی لا ئاسان کردین. ئێستا مۆبایل کەموکوڕیی هەیە، لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا پەرەپێدان و فراوانکردنێکی گەورەمان هەیەو تەواو دەبێت. لەڕووی زانیارییەوە کۆمەڵێك ئەندازیاری بەتوانامان پێگەیاند کە وێنەیان لە هەموو وڵاتەکەماندا کەمە. لە کەمتر لە مانگێکدا تۆڕی مۆبایلی ناوشار زۆر بەهێزو گەورە دەبێت و دەگاتە ڕانیە، حەوزی بتوێن و بێتواتە و چوارقوڕنە و حاجیاواو کۆیە، بازیان و شارباژێڕو بەرەو سیستەمێکی زۆر تەواو لە کوردستاندا دەڕۆین. ئاسیا سەرقاڵی ڕێککەوتنین لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی زۆر گەورە کە مەرکەزێکی گەورەی سەتەلایت دابنێین لە دەرەوە، هەنگاوی دوای ئەوەش لەم بوارەدا تەنها مانگە دەستکردەکەیە، کە بتوانین بەشێکیش لە مانگێکی دەستکرد بە ناوی کوردەوە بکڕین و ئەوکاتە ئێمە دەتوانین سپەیسێك بدەین بە هەموو سەنتەرەکانی ئەم وڵاتەو هەرچی تەلەفزیۆنەکانە، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین و هیواشم زۆرە سەرکەوتنی تیادا بەدەست بهێنین.

***ئەم قسانەت ئەوەی بیرخستمەوە کە دەڵێن فاروقی مەلا مستەفا بۆ خۆی پێکهاتەی دەوڵەتێکە، کۆمپانیای ئاسیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە؟**

— نازانم ئەو هەڵسەنگاندنە چۆنە، بەڵام سیستمی مۆبایلی ئاسیا پرۆژەیەکی زانستی شارستانی گەورەیە. کوردتێل.. من ڕۆڵی سەرەکیم هەبوو لە لەدایکبوونیدا، بەدالەکانی سلێمانی بە سەعاتێك خەتێکت دەست نەدەکەوت، لە(12000) هێڵەوە بۆ (25000)ی ئێستا بە ڕێکوپێکی، ئینجا بەستنەوەی سلێمانی پاش دوانزە ساڵ بەجیهانەوە بەهۆی کوردتێلەوە کارێکی دیارو بەکەڵکە. مەجزەرەی بازیان یەکێکە لە هەرە پرۆژە گرانەکان و هەر ئەوە هەیە لە سنوری ئێمەدا.. پرۆژەی گەشت و گوزارو چەند کارگەی قیرو کارگەی سەهۆڵ و دەواجن و چەند تەلاری جوان لە شارداو دروستکردنی ڕێگاوبان لە کارەکانمانە.. نەیەك دۆلارمان لەدەرەوە هەیە بۆ کارو کاسبی.. نەیەك مەتر زەوی لەدەرەوەی سلێمانی و نە یەك پرۆژەی تر لەدەرەوەی کوردستان. بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەوی بەردێکی نابێتە سەر بەرد بۆ بنیاتنان لای من نیشتمانپەروەری ڕاستییە.



1969 ناوپردان

ئەگەر لەبەر فراوانیی کارەکەمان ئەو ناوەمان لێبنێن ئەوە جێگای شانازیمانەو خۆزگە ژمارەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە زۆر بێت کە هەمووی لەخزمەتی دەوڵەتە سەرەکییەکەدایە کە گەلی کوردو حکومەتی کوردستانە.

***ڕۆڵی حکومەت لە فراوانبوونی بازاڕی ئازاددا چۆن دەبینن؟**

—بەڕای من دروستکردنی کۆمپانیای زۆر لە بواری جیاجیاشدا بۆ حکومەت و بەشداربوونیان لە چالاکییە ئابوورییەکاندا زۆربەی هەڵەیە.. ئەرکی سەرشانی حکومەت سەرکردایەتی هەموو لایەنەکانە، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی خەڵکە بەیەکترییەوە، خەڵك بەدامودەزگا گشتییەکانەوە، پاراستنی قانون و جێبەجێکردنێتی بەسەر هەمووواندا بەیەکسانی، بەڵام بۆ نمونە دووسێ کۆمپانیا بۆ وەزارەتێك کاردەکات، یەك دووانێکیان هی خۆیانە باجیان لێ ناسەنن، خۆیان ڕۆڵی حکومەت و ڕۆڵی بەڵێندەرەکە دەبینن لەیەك کاتدا.. ئەگەر باجی دەرامەتی زیاتر لەو بەڵێندەرانە وەربگرن قازانجی زیاترەو لەو هەوڵانەش دوور دەکەونەوەو کەسیش ناتوانێت بڵێ (دەڵێن بازاڕی ئازاد!)، بەڵام حزب مافی ڕەوای خۆیەتی ئیستیسمار بکات و پارەی خۆی لە پرۆژەی بەکەڵك و قازانجداردا بخاتەگەڕ.. هەموو حزبەکانی ئەورووپاو ئەمریکا ئەوە دەکەن و ئەوە کارێکی یاساییەو عەیبەی سیاسی تێدانییە بەڵام بۆ باری ئابووریی کوردستان و لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشە سیاسییەکاندا دەبێ وریایانەتر لەم بوارەدا بجوڵێتەوە، ئەو توانایانەی هەیانە لەچەند پرۆژەیەکی گەورەدا بیخەنەکارو یەك هەیئەی بچوك ڕێنمایی ئەو کارەبکات و فەرمانبەری هەڵبژێراوی شارەزا بهێنن لەدەرەوەی حزب یا دەرەوەی دەزگا پێشکەوتووەکانیان بۆ ئەوەی کادرەکان بەکاری حزبییەوە خەریك بن و گیانی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕیی و ڕۆشنبیرییان

**ئێستا مۆبایل کەموکوڕیی هەیە، لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا پەرەپێدان و فراوانکردنێکی گەورەمان هەیەو تەواو دەبێت**



زیاتر پەرە پێبدەن. بۆ نمونە (ی.ن.ک) لە کۆمپانیای هاوبەشی کوردتێل دا کادری زۆری نەویست و قازانجیشی زۆرە، دیارە بێجگە لەوەی کارێکی گەورەیە.

***داوی ئەم قسانە دەپرسم: ئەگەر فاروقی مەلا مستەفا سەرۆکی حکومەت بێت کامانەن پرۆژەکانی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و حکومەتیش؟**

—من پرۆژەکانی حکومەت لە بواری نەوت و پاڵاوتنی و هەڵکەندنی بیری تر کە ئێستا هەیە پەرەی پێئەدەم، ئەم لایەنە جێگای شانازی حکومەتی کوردستان و یەکێتییە چونکە کارێکی مێژووییە. گرنگیی ئەدەم بە دروستکردنی پرۆژەیەکی گەورەی ئاسن، کارگەی چیمەنتۆ دەخەمەوە کارو فراوانی دەکەم، کارگەیەکی مەزن بۆ مەڕمەڕ دروستدەکەم هەر لە هەڵکەندنیەوە بەشێوەیەکی زانستی تابازاڕ کە ئەمە خۆی سامانێکی گەورەی کوردستانە. ڕەنگە ئەمانەش ئەگەر بەهاوکاری کەرتی تایبەت بکرێن باشتر بێت. ئەگەر حکومەت پسپۆڕو شارەزای باشی هەبێت لە کشتوکاڵدا، دیسانەوە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵیی دروست بکات باشە، زەوی بچوک بکرێنەوەو گەورەی بکەن بۆ پرۆژەی گەورەو ستراتیژی.

***کەواتە ڕاتان بەرامبەر کابینەکەی د. بەرهەم چۆنە؟**

—دکتۆر بەرهەم هیلاکە بە ئیشەکانیەوە، پیاوێکی خاوەن شەهادەو سیاسییەکی کۆنەو لە منالییەوە خەریکی تێکۆشانەو هەموو کات ئەڵێ باوەڕم بە ڕەخنەو ڕەخنەی زاتیش هەیە. کەموکوڕیی لە کابینەکەیدا

**مام جەلال ڕێگای داوە بەهەرچی لایەنی سیاسی هەیەو بەدڵ خۆی لەگەڵ ئەو ئازادییەدایە..**

هەیە، گرنگ ئەوەیە بەرەوپێشەوەی ببات. وەزارەت کە باوەڕی بە بازاڕی ئازاد هەیە دەبێت ڕێگا لە هەموو قۆرخکردنێك بگرێت. کە ئیمزا کرا بۆ پرۆژەیەکی نیشتمانیی دەبێت ماوەی خۆی تەواو بکات.. کابینەکە لە مەیدانی دیبلۆماسییەتدا بەرەوپێشەوە چووەو هیوای سەرکەوتنی ئەکەم.

***لەگەڵ گومرك و باجی هەرێمی کوردستاندا کۆمپانیاکانتان لە چیدان.. ڕاتان چیەو کێشەیەکتان هەیە؟**

—زۆر خەڵك دژی گومرك و باج قسە دەکەن، بەڵام بەراستی بەلای منەوە شتێکی کەم لە گومرك و باج دەسەندرێت و باشە، کرێی تەلەفۆن کەمە، کرێی ئاو هەر هیچ نییە، کرێی کارەبا باشە، خەڵك زۆر کات تەنیا لایەنە سلبییەکەی حکومەت دەڵێن و ئیجابییەکان ناڵێن، گومرگی هەردوو بەرەکە شتی کەم لە خەڵك دەسەنن و هاندەرن بۆ کارکردن، بەڵام لە هەندێ شوێنی تر ئەبێ بۆ باج و رسوم ڕەچاوی چین و توێژو گەڕەك بکرێت.. لەم دواییانەدا لە وەرەقەی ئاودا هەندێ شتی تازە هەیە، نرخی ئاو کەمە، بەڵام ئاوەڕوو خۆڵڕشتن یەکی (10) دینارەو بۆ هەژاران زۆرە. نموونەیەکی تر کە باری هەژاران گرانتر دەکات، نەخۆشخانە گشتییە حکومییەکانە، هەموو شتێکی هەر لە کەوتن و سۆنەرو تەحلیلەوە بە پارەیە، پێویستە هەمووی بەخۆڕایی بێت. هەر لێرەوە شتێکی تر دێتە بەردەممان، ئێستا بێت یا دواڕۆژ دەبێ هەولێرو سلێمانی یەك بگرنەوە.. هەوڵ بدرێ قانون و بڕیارە گرنگەکان زۆر جیا نەبن لە یەك.

***جەنابتان ماوەیەکی زۆرە هەڤاڵ مام جەلال دەناسن، گەر وێنەیەکی بکێشێت چۆن باسی دەکەیت؟**

—جەنابی مام جەلال لە ساڵانێکی دوورودرێژەوە دەناسم، بەتایبەتی لە ساڵەکانی (69—70)ەوە، بەردەوامیش پەیوەندیم هەبووە لەگەڵیدا، لە پێش هەموو شتێکەوە دەڵێم سەرکردەیەکی زۆر خوێندەواری هەمەلایەنەیە.. خوێندەوارە لە ئەدەب و سیاسەتدا، لە زانیاریی و ئابووریی و فەلسەفەدا. یەکێك لەو شتانەی مام جەلال کە زۆرم پێخۆشە ئەوەیە بیروباوەڕی لەگەڵ سۆشیالیزمدا گونجاوەو لەلای من وایە بەدڵ ئەو لایەنە چەپانەی خۆشدەوێت. هیوام وایە مام جەلال زیاتر سەرکردایەتی ئەم کۆمەڵەی ئێستا بکات و ئەو قسانەی کردمان لەسەر ئابووریی بەرەوپێشەوەی بەرێت و حکومەت و حزبەکەی بکات بە نموونەیەکی چاك بۆ بەرەوپێشەوەچوون. لەڕووی دیموکراتییەوە، مام جەلال ڕێگای داوە بەهەرچی لایەنی سیاسی هەیەو بەدڵ خۆی لەگەڵ ئەو ئازادییەدایە.. هەلێکی مێژوویی لەبەردەمدایە بۆ یەکخستنی گەلی کورد کە زیاتر ئەم بوارە بۆ دووکەس هەڵکەوتووە دەتوانن بەوە ببن بە پاڵەوانی مێژوویی کورد.

***ئێوە لە ناو بازاڕی ئازاددا کاردەکەن، ڕاتان بە ڕۆژنامەی ئازاد چۆنە؟**

—هەندێك ڕۆژنامەی ئازاد هەیە کە بەردەوام لەگەڵ چەند برادەرێکیاندا گفتوگۆ دەکەم و دەڵێم ڕۆژنامەی ئازاد مانای ئەوە نییە هێرش بکەنە سەر هەر کەسێك بەبێ حساب، ڕۆژنامەی ئازاد کێشی خۆی وا رادەگرێت کە بڵێن لە فلان ڕۆژنامەدا فلان هەواڵ بڵاوبۆتەوەو کێشی خۆی هەیەو خەڵك بە باوەڕەوە سەیری دەکات. گەر ڕۆژنامەیەك سێ هەواڵ بڵاوبکاتەوەو لە ژمارەی داهاتوودا هەر سێکی ڕاست بکاتەوە ئەوە شتێکی خراپە، ئازادیی ئەوە نییە، ئازادیی پاراستنی سومعەی خەڵکیشە، پاراستنی حەقیقەتە، ئازادیی ئەوەیە ڕێگەت لێنەگرن چی لەمێشکتدایە بیڵێیت، بەڵام مانای ئەوە نییە تۆ شت بۆ خەڵك دروست بکەیت.. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەیەکدا بینیمان هێرش کراوەتە سەر دکتۆر یادگار کە لای من نموونەی دکتۆری چاك و پیاوێکی زۆر زانایە، دەڵێن تەحلیل تەنها دەنێرێت بۆ ژنەکەی خۆی.. ئێ ژنەکەی خۆی تاقیگەی هەیەو دکتۆرە، خۆ ژنەکەی بەرگدروو نییە، بەڵکو دکتۆری پسپۆڕە لەو جۆرە پشکنینە شێرپەنجەییەدا. ئەمە دەبێت بەهۆی تەشهیرکردن بە پیاوێکی تێکۆشەرو زانا، ئەمە پێی ناوترێت ڕۆژنامەی ئازاد، ڕۆژنامە ئازادەکانی تریش بەم لایەنەوە پێیان ناڵێم ئازاد، ئەوە خەڵك خۆی بڕیار دەدات. ڕۆژنامە هەیە شەش مانگ پێش ئێستا خەڵك بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد وەك لە ئێستا،

بەڵام هەر ئازادیی باشترە لە دەنگگرتن، هەر بەئازادییەکەش خەڵك بڕیار دەدات کە چی باشترەو چی خراپە! لە ئەنجامدا دەنگدان.. حزبێك هەیە ڕێژەیەکی زۆری دەنگ بەدەست دەهێنێت لە وڵاتێکدا، بەڵام پاش چوار ساڵی تر لەسەدا پێنج دەنگ دەهێنێت، ئەمەش هەر لە ئەنجامی ئازادیی و دیموکراتییەوەیە کەخەڵك دەتوانێت شت هەڵبەسەنگێنێت.

***بەو زووانە چێشتخانەی مادۆناڵد لە سلێمانی دەکەوێتە کار.. ڕاتان چییە؟**

—ماکدۆناڵدی کاک سلێمان قەساب، وەڵڵا کاک سلێمان بینایەکی جوانی دروستکردووەو ئەگەر ماکدۆناڵد بێت لاموایە ناوی دەنێت (مادۆناڵ)، چونکە ترساندویانەو وتویانە ئەمە بکات شکاتی لێدەکرێت، ئەویش قسەیەکی باشی کرد کە چاکتر بوو لە گۆڕینی ناوەکەی، وتی ئەگەر ئێمە وامانلێهات ئەمریکا شکات لەمن بکات، ئەوا دان بە حکومەتەکەی ئێمەو بە مندا دەنێت.. باشکات بکات. منیش دەڵێم: هەموو شتێکی تازە لەم وڵاتەدا خزمەتێکی گەورەیە.

***گەر ئەم نیوەڕۆیە داوەتی ئێمە بکەیت، بۆ خۆتان چ خواردنێك داوادەکەن و چ شتێکیش بۆ ئێمە؟**

—گەرچی زۆرنەوسن نیم، بەڵام حەز لە هەموو خواردنێك دەکەم.. ئێستاش لەبەر ورگ و تەندروستیم کەوتووینەتە ئەوەی پارێز بکەین و زیاتر بە مریشك و ماسی، بەڕاستی هەمووشی هەر دەخۆم، بەتایبەتی ساوەر، بەڵام کەمخواردن.. ئەوەش دەبێت بەئیستیفزاز گەر بڵێم ئێوە فڵانە شت بخۆن، بەڵام ئێوە حەز لەچی دەکەن من لە خزمەتتاندام.

***زۆر سوپاس.. لە هەفتەیەکدا، چەند جار بۆ پشوودان دەچنە دەرەوە؟**


—ژنەکەم دەڵێت فاروق لە هەفتەیەکدا نۆ شەو دەچێتە دەرەوە، نیوەڕۆکانیشم لەسەر حساب دەکات کە بێ ئەو لە دەرەوەم. هەندێکی لەگەڵ ژن و منداڵدا دەچمەوە دەرەوە.. هەموو شەوێك ژیانی تایبەتی خۆم هەیە.

***ئەو کاتەی بەرەو ئێرە دەهاتین، بەڕێزێك دەیزانی گفتوگۆیەك لەگەڵ ئێوە ئەنجام دەدەین، وتی حەز دەکەم لێی بپرسن مەرگی حسە دەبۆ لای کاك فاروق چی دەگەیەنێت؟**

—مەرگی حسە دەبۆو چەند هاوڕێیەکی تر لە ژیاندا زۆر کاری تێکردووم.. کاك حسێن پیاوێکی دڵسافی پاکی قسەخۆشبوو، لەو نمونەیە نەبووە لە سلێمانی، هەموو ژیانی نوکتەو قسەی خۆشبووە. لە زەمانی حکومەتدا لە بەیانییەوە تا ئێوارە جنێوی بە حزبی بەعس دەداو وا ڕاهاتبوون نەیاندەگرت.. یەکێك لە قسە خۆشەکانی: گلەیی لە حکومەتی خۆمان هەبوو، کە ئەوکات حکومەتی هاوبەشیش بوو، وتیان حکومەتەکەمان حەوت ساڵەو تەمەنی ساوایە! وتی "ئاخر کاکە خەمی باڵقبونەکەیمە". حسە دەبۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی من بوو، هەروەها یاسین خەلیل، حەمەی بەکر، حەسەنی سەید ئەحمەد، ئەوانە کۆمەڵێ خەڵکی جیاجیاو کەسایەتی گەورەی ئەم شارە بوون، کەسی کۆمەڵایەتی بوون و ڕۆیشتن، بەدڵنیاییەوە یەکێکم لەوانەی بەردەوام باسی مردووەکان دەکەم و قسەکانیان دەگێڕمەوە، نەك وەك کە هەندێك دڵیان نایەت باسیان بکەن یان ناویان ببەن، من هەمیشە شانازی بەو هاوڕێیانەوە دەکەم و بەردەوام و ڕۆژ نییە ناوی حسە دەبۆ نەبەم و بەوەفاشم بۆی، خۆزگا مەرگیم نەدیایە.

***پێکەنین هەمیشە هاوڕێیەکی سەرەکی کاك فاروقە، بەڵام چ کاتێك گریاوە، یا لە چ حاڵەتێکدا هەستی گریانی لادروست دەبێت؟**

—بە مردنی خەڵکی خۆشەویست زۆر دەگریم و ئەوەش زۆرکاری تێکردووم.. بەبینی ڕووداوی ناخۆش و بە پێچەوانەی ئەو پێکەنینەوە.



لەگەڵ خوالێخۆشبوو حسە دەبۆ

***نزیکترین گریانیت بۆ چی بووە؟**

—نزیکترین گریانم بۆ خۆشکێکی زۆر خۆشەویستم بوو کە تائێستاش بۆی دەگریم.. ئەو خۆشەویستترین کەس بوو لەژیانمدا.

**قالە برایەکی هەیە ناوی نورەدینە، کە ئێستا هەموو جارێك من دەبینێت، بە پەلە پەل دێت و دەڵێت: تۆم لە جێگەی قالە داناوە**

***شێتەکانی شار چۆن دەبینێت؟**

—شێت بازم.. بۆ نموونە وێنەیەکم لەگەڵ قالە شێتدا هەیەو قسەی زۆرم لەگەڵیدا هەبوو، شتی تۆمارکراوم لەگەڵ هەندێکیاندا هەیە. قالە برایەکی هەیە ناوی نورەدینە، کە ئێستا هەموو جارێك من دەبینێت، بەپەلەپەل دێت و دەڵێت: تۆم لە جێگەی قالە داناوە. منیش هاوکاری دەکەم جلی بۆ دەکەم. ژیان لەگەڵ شێت-یشدا شتێکی خۆشە، ئەوان خەڵکێکی دەروون پاك و سافن و شتی وایان لێ ڕوودەدات کە ڕەنگە دڵت پڕبکات زیاتر لەوەی کارەساتەکە ببینیت، چونکە زۆرجار خۆت هەست بەوکارەساتە ناکەیت.

***دوا پڕۆژەتان چییە؟**

پڕۆژەی ژیانم لەئێستاو داهاتوودا ئەوەیە دەگەڕێم بۆ کڕینی چاپخانەیەکی زۆر زۆر گەورە کە لەم وڵاتەدا نەبێت و لە مێشکمدایە خۆم و چەند برادەرێك دەستبکەین بە پلاندانان بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی گەورە، ئەوە ئاواتێکی زۆر گەورەیە لە ژیانمدا.

